# خوێندنەوەیەک بۆ ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی

سەربەست قادر حەمە
(دەربەندیخان)

بەگشتی کاری توێژینەوە و بەدواداچوون و دیاریکردنی کاتی سەرهەڵدانی هەر دیاردە و زانست و گۆڕانکاری و.....تاد. کارێکی ئاسان نییە و تا بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەبەردەستدا نەبێت مرۆڤ ناتوانێت هیچ بڕیارێکیان لەسەر بدات.

کاری توێژینەوەش لە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدان و گرنگی پێدانی مرۆڤ بۆ ڕۆژژمێر و ساڵنامە هەروا وەک هەر زانستێکی تر دیاریکراو نییە و تا ئێستا نەزانراوە لەکەیەوە و لە کوێ بۆ یەکەم جار مرۆڤ هەستی بە گرنگی ئەم بابەتە کردووە و کەوتووەتە شوێن دەستخستنی سەرەداوێک بۆ دۆزینەوە و پەی بردن بە کون و قوژبن و نهێنییەکانی ئەو گۆڕانکارییە گەردوونییانەی کە وادەکەن ئەم هەموو دیاردە سرووشتییە ڕووبدەن و شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ پێکبێت.

وەک دەردەکەوێت سەرەتای گرنگیدانی مرۆڤ بۆ ئەم کارە وەک زۆر لە زانستەکانی تر بۆ کۆمەڵگە بەراییەکان دەگەڕێتەوە و سەرەتا مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی و بێ لێکدانەوەیەکی ژیرانەی نزیک لە ڕاستییەوە لە دیاردە جۆربەجۆرەکانی سروشت و گەردوونی ڕوانیو تا وای لێ هاتووە هەست بە مەترسی بکات بەرانبەر بە هەندێکیان و بۆ خۆ ڕزگارکردن لێیان پەنای بردووەتە بەر پەرستن و قوربانی کردن، بەو هیوایەی لە زیانی هێزە شاراوەکانی پشت ئەم دیاردانە بەدووربێت.

بە تێپەڕبوونی کات و دوای کۆتایی هاتنی ئەم چاخە مێژووییانە وردە وردە توانایی بیرکردنەوەی مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆ دەوروبەر و دیاردە سروشتی و ناسروشتییەکان پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و کەوتە لێکدانەوەی بەدوای یەکداهاتنی ڕێکوپێکیی شەو و ڕۆژ

و مانگ و وەرزەکان و ساڵ، ئەمەش لەبەر ئەوەی درکی بە هەندێک لە گۆڕانکارییەکان کرد کە بە زۆری بە کات و ساتێکی دیاری کراوەوە پەیوەستن و ساڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام و گۆڕانکارییەکی کەم لە پێش و دواکەوتن، یان هێز و تاوی دیاردەکان دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە وەرینی گەڵای درەختەکان و هەڵکردنی با و تۆفانی بەهێز، هەورەبرووسکە و بارینی بارانی بەخوڕ و هاتنی وەرزی سەوزایی و...تاد.

کە ئەمانە بۆ خۆیان مرۆڤیان وا لێ کرد کە بیر لەوە بکاتەوە ئەم هەموو گۆڕانکارییە لە خۆوە نییە و ئەم دیاردانەش هەریەکەیان بە کات و ساتێکەوە پەیوەستن، ئەمە وای کرد مرۆڤ بیر لە ناونانی هەندێکیان بکاتەوە و بیانکاتە نیشانە بۆ هاتنی یەک لەدوای یەکی دیاردەکانی تر.

بەم پێیە و بە تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر دواجار مرۆڤ توانیویەتی لەوە تێبگات کە لە هەڵهاتنی ڕۆژەوە تا ئاوابوونی و هەڵهاتنەوەیەکی تری دووبارە شەو و ڕۆژ دروست دەبێت و بە تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک هەفتە و بە چەند هەفتەیەک مانگ و دواتر وەرز و تا دەگاتە ساڵ و بەم شێوەیە دووبارە دەبێتەوە.

بە چاوخشاندنێک بە ئەفسانە و داستانە کۆنەکاندا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ تا چەند گرنگی بەم دیاردە سروشتی و گەردوونییانە داوە و چۆن لێیان وردبووەتەوە، با کەمیش لێیان تێگەیشتبێت، بەڵام پشتگوێی نەخستوون.

(سەرچاوەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی وای لەقەڵەم دەدەن کە کۆنترین ساڵنامە شوێنەواری مابێتەوە هی سۆمەرییەکانە و میسرییەکان یەکەم میللەت بوون کە ساڵنامەی هەتاوییان ڕێکخست)«١»

بەم پێیە مێژووی سەرەتای کارکردن لەسەر ساڵنامە و ڕۆژژمێر بۆ شارستانییەتە گەورەکانی میسری و بابلی و چینی و هندی...تاد دەگەڕێتەوە. هەریەکە ساڵنامەی تایبەت بە خۆی هەبووە، لەهەر یەکەیاندا ساڵ بەجۆرێک دەستی پێ کردووە و بە جۆرێک بەسەر مانگ و ڕۆژەکاندا دابەش کراوە)«٢»

دەکرێت ئەمە وەک سەرەتایەک دابنرێت لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ساڵنامە بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت مرۆڤی ئەو سەردەمە بەپێی ئەو



د. وریا عومەر ئەمین

توانایی و تێگەیشتنە سەرەتاییە لیکدانەوەی کردووە کە لەگەڵ ژیری خۆیدا گونجاوە، بۆیە ئەو ساڵنامانە لە هەڵە و کەموکووڕی بەدەرنەبوون، بەڵام هەرچۆنێک بێت بۆ سەردەمی خۆیان شتی نوێ و پێشکەوتوو بوون.

هەروەها ئەو کارەی ئەوان کردیان بوو بە دەروازە و ڕێ خۆشکەر بۆ میللەت و شارستانییەتەکانی دوای ئەوان تا بتوانن فراوانتر و وردتر و ڕاستتر بچنە ناو بابەتەکە و ئەنجامی گونجاوتری لێوەدەستبێنن.

(ئەم ساڵنامەیەی ئێستا هەموو وڵاتانی سەر ڕووی زەمین لەسەریدا پێکهاتوون بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوەخۆ و پەیوەندی نێوانیان بەکاری ئەهێنن بە ساڵنامەی (گریگۆری)، یان (زایینی) ناو دەبرێ، لە نژادا لە ڕۆمانەکانەوە وەرگیراوە. مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە دەوروبەری ساڵی ٧٣٨ پ.ز کە ئەمانیش پێشر لە گریکەکانەوە وەریانگرتووە.)«٣»، ئەمەش وەک ساڵنامەکانی تر لە کەموکووڕی بەدەر نەبووە و چەندان جار لەلایەن زانا و شارەزایانی بوارەکەوە دەستکاری کراوە تا لە کۆتاییدا و لە ساڵی (١٥٨٢ پاپا گریگۆری ئەم گیروگرفتەی چارەسەرکرد بۆ ئەوەی ساڵنامەکە لەگەڵ ساڵنامەی هەتاوی جووت کاتەوە، پاپا گریگۆری زانی کە دوای چەند سەدەیەک ئەم گیروگرفتانە دیسان سەرهەڵدەدەنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە داوای کرد هەر چوارساڵ بکرێ بە کەبیسە)«٤»

چونکە ئەم ساڵنامەیە بەهۆی ئەو کەموکوورییانەی تێیدابوو، پێش ساڵنامەی هەتاوی دەکەوت، هەرچەندە ئەمەش دوا خاڵ نەبوو بۆ وردبوونەوە و دەستکاریکردنی ئەم ساڵنامەیە، چونکە لە توێژینەوەکانی دواتردا دەرکەوت کە (ئەم ساڵنامەیەش ۲۳،۳ چرکە لە هی ساڵی هەتاوی درێژترە)«٥»

مەبەستی سەرەکی من لەم باسە خستنەڕووی سەرەتای سەرهەڵدان و گرنگیدانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی کوردە بەم بابەتە، لەم بوارەشدا پەنجە بۆ (ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی) بەڕێز (پ.د.وریا عومەر ئەمین) ڕادەکێشم و بە پێی توانایی هەندێک لە وردەکارییەکانی دەخەمە بەرچاو، هەرچەندە ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نییە و پێویستە لە ئاستی باڵادا توێژینەوەی فراوان و گەورەی لەسەربکرێت و بەشێوەیەکی بیرکاریانەی ورد لێی بکۆڵرێتەوە.

وەک لە دەمی بەڕێزیانم بیست کە ئەمە بەری ڕەنجی زیاتر لە ۳۰ ساڵە و بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا پێنج کتێب بە زمانی کوردی و عەرەبی و چەندان وتاری بڵاوکردووەتەوە.

بە چاوخشاندنێک بە بەرهەمەکانی بەڕێزیان لەم بوارەدا دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە سەلیقە و ماندووبوون و توانایییەکی زۆری دەوێت کە ئەمەش لە توانایی هەموو کەسێکدا نییە خۆی لەقەرە بدات وەک خۆی دەڵێت بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتە دەیان ڕێگای جۆراوجۆر و تاقیکردنەوەی هەمەچەشنەی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی خۆی لە بچووکترین کەموکورتی بپارێزێت.

بەو پێیەی کە لە لاپەرە ۲۹ ی کتێبی ساڵنامەی کوردستان ئاماژەیان پێ کردووە (مێژووی ساڵنامەی کوردی بۆ ساڵی ۷۰۰ پ.ز دەگەڕێتەوە، بەم پێیەش ساڵی کوردی دەکاتە (ساڵی زایینی + ۷۰۰))«٦».

وەک ئاشکرایە ئێستا لە کوردستاندا چەندان ڕۆژژمێر و ساڵنامە بە ناو و ناونیشانی جیاجیا هەن کە هەریەکەیان دانراوی لایەن و پارت و کەسایەتی و گۆڤار و دامودەزگایەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندان هەڵە و کەموکورتی لەو ساڵنامە و ڕۆژژمێرانەدا، چونکە لەسەر بنەمای زانستی و یاسایی دانەنراون، بەڵکو تەنیا لە ڕۆژی( ۲۱ی۳ )کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی کوردی، یان (۱ی۱) کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی زایینی دەست پێ دەکەن و بەرانبەر یەکیان دەکەن تا کۆتایی ساڵەکە دێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم ساڵنامانە کاتین و لە ساڵێک زیاتر کاریان پێ ناکرێت، چونکە زۆر لەو مەرج و یاسایانە لە دانانیاندا جێبەجێ ناکرێن کە دکتۆر لە لاپەڕە (٥) ی ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردیدا لە دووتوێی (۱۰) خاڵدا خستوونییەتە ڕوو و بەمەرجی داناون کە هەر ساڵنامەیەک ئەو بنەمایانەی تێدا نەبێت ئەوە بە ساڵنامەیەکی زانستی پشت پێ بەستراو و سەلمێنراو ناژمێردرێت.

پێش ئەوەی هەندێک لە وردەکاری و لایەنی جوانی ئەم ساڵنامەیە بخەمەڕوو، بەباشی دەزانم ئاماژە بە هەڵەیەکی باو بکەم کە نازانم مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و بەردەوام بەسەر زارەوەیە و دووبارە دەبێتەوە.

وشە، یان چەمک و دەستەواژە، یان چاووگی(زایین) کە بۆ ساڵی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د.خ) دانراوە لە ڕووی واتای فەرهەنگی و بەکارهێنانەوە گونجاو نییە و ئەم وشەیە بە سوود وەرگرتن لە فەرهەنگی وشەی کوردی و بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی کوردییەوە مەبەست لێی لەدایکبوونی بێچووی ئاژەڵ و گیاندارانە، نەک مرۆڤ، ئەگەر لێرە و لەوێش ئەم وشەیە بەکاربێت و بەرگوێ بکەوێت، ئەوە مەبەست لێی پلار و تانە و تەشەردانە لە کەسی بەرانبەر کە بۆی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە بە کەسێک کە هەر پاڵ بداتەوە و تەمبەڵی بکات دەڵێن:

هەستە دەڵێی... زاوی.

ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەلای بەکارهێنەرانی زمانی کوردی ئاسانی و ئاسایی بوونەوەیان وەرگرتبێت، چونکە زۆرجار بۆ ئافرەتی منداڵ بووش بەکاردەهێنرێت و دەوترێت (ژنی زاو)، ئەمەش واتایەکی وەرگیراوە و بۆ مەبەستێکی تر بە هەڵە بەکاردەهێنرێت.

لە فەرهەنگی خاڵ لاپەڕە (۲۳٤) بەم شێوەیە واتای لێکدراوەتەوە:

(زاین: زانی گیاندار.)«۷»

بۆ نموونە لەم ڕستانەدا:

- مەڕەکە زا. مەڕەکە دەزێت.

بەڵام ناوترێت:

- ژنەکە زا. ژنەکە دەزێت.

بەڵکو دەوترێت:

- ژنەکە منداڵی بوو. ژنەکە منداڵی دەبێت.

ئەگەر ئەو شێوازەش بەکار بێت وەک باسمان کرد بۆ تانە و پلارگرتنە کەسی بەرانبەرە بەشێوەی خواستن.

باشتر وایە لە جێگەی ئەم وشەیە وشەی (عیسایی) بەکاربهێنرێت کە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی تێدایە بۆساڵی لەدایکبوونی ئەو پەیامبەرە و گونجاوتریشە.

ئێستا با بێینە سەر خستنەڕووی هەندێک وردەکاری و خاڵی گرنگی ساڵنامەکە:

١- دەتوانرێت سوود لەم ساڵنامەیە وەربگیرێت بۆ دیاریکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لە دایکبوونی هەر کەسێک، یان دیاریکردنی هەر ڕووداو و کارێکی تر لە ساڵی ١٧٥٠ تا ٢٦٤٩، ئەمە بۆ ساڵی عیسایی سەبارەت بە ساڵی کوردیش هەر ساڵێک لە ساڵە عیساییەکە وەرگرین ٧٠٠ ی دەخەینە سەر دەکاتە ساڵی کوردی وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد، وەک لە خۆشیانم بیست ئەم ساڵنامەیە پەیوەست نییە بەو ماوەیەی لە خشتەی لاپەڕە (١١تا١٤)دا خراوەتەڕوو، بەڵکو دەتوانرێت بەپێی ئەو یاسایانەی دیاری کراوە سوود لەم ساڵنامەیە وەربگیرێت بۆ هەر ساڵێکی پێش و دوای ئەم ماوە دیاری کراوە تا بێ کۆتایی.

٢-دیاریکردنی ساڵی کەبیسە (باز، پڕ) کە مەبەست لێی ئەو ساڵانەیە کە دابەشی سەر ژمارە (٤) دەکرێن و هیچیان لێ نامێنێتەوە، بۆ سەرە سەدەکانیش دابەشی سەر ژمارە (٤٠٠) دەکرێن و هیچیان لێ نامێنێتەوە کە ئەمەش پاپا کریگۆری بۆ خۆرزگارکردن لەو هەڵە و کەموکوڕییانەی کە تووشی ساڵنامەی عیسایی دەبوو داینا، بەڵام ئەگەر ساڵ، یان سەرە سەدەکە دابەشکرا و لێی مایەوە ئەوە ئەو ساڵە، یان سەرەسەدەیە کەبیسە نییە، بۆ دەرکردنی کەبیسەی ساڵی کوردیش پێویستە (ساڵە کوردییەکە + ١ ÷٤)، بکەین ئەگەر ئەو ژمارەی دوای دابەش کردنەکە دەمێنێتەوە ماوەدار نەبوو، ئەوە کەبیسەیە و بە پێچەوانەوە، ئەگەر ساڵەکە بە (٩٩) کۆتایی هاتبوو، ئەوە (١٠١)ی دەخرێتەسەر، پاشان دابەشی (٤٠٠) دەکرێت بە هەمان شێوە ئەگەر ژمارەکە ماوەدار نەبوو، ئەوە کەبیسەیە و بە پێچەوانەوە، بەم پێیەش هەرساڵێکی عیسایی کەبیسە بوو، ئەوە ساڵی پێش ئەوە بەرانبەرەکەی بۆ ساڵی کوردی دەبێتە کەبیسە، واتە پێچەوانەی یەکترن بۆ نموونە:

ئەگەر ساڵی ٢٠٠٨ی عیسایی کەبیسە بێت، کە دەکاتە ٢٧٠٨ی کوردی، ئەوە ساڵی ٢٧٠٧ی کوردی دەبێتە کەبیسە.

١٩٨٠÷٤ = ٤٩٥ کەبیسەیە.

١٢٢٢÷٤ = ٥.٣٠٥ کەبیسە نییە.

٢٧٠٣+١÷٤= ٦٧٦ کەبیسەیە.

٢٧٠٩+١÷٤= ٦٧٧,٢٥ کەبیسە نییە.

٣- ژمارەی ڕۆژەکانی هەموو مانگە کوردی و عیساییەکان بەپێی خشتەی ڕێکخراو خراوەتەڕوو.

٤- ساڵنامەکە دابەش کراوەتە سەر دوو بەش، هەر یەکەیان (١٤) خشتەی گونجێنراوە بۆ دوازدە مانگەکەی ساڵ، بۆ دەرهێنانی هەر ڕێکەوت و مێژوویەک کە بمانەوێت بۆ ساڵی عیسایی خشتەکان دەکەونە لاپەڕە (١٧ تا ٣٠) و بۆ هەر خشتەیەک ژمارەیەک دانراوە، گەر تەماشای هەر یەکە لە خشتەکان بکەیت دەبینیت ڕۆژەکانی مانگ بۆ ساڵی عیسایی بە گەورە نووسراون و ڕۆژەکانی مانگ بۆ ساڵی کوردی بە بچووکی و لای سەرەوەی ژمارە گەورەکان نووسراون.

لە بەرانبەر ئەمانەدا لە لاپەڕە (٣٣ تا ٤٦) بەشی دووەمی خشتەکان خراوەتەڕوو کە هەر یەک لەو خشتانە هەر دوازدە مانگەکەی بۆ ساڵی کوردی لەخۆ گرتووە، لەسەر هەر خشتەیەک پیتێکی لاتینی دانراوە بۆ جیاکردنەوەی لە خشتەکانی ساڵە عیساییەکە و ژمارەی ڕۆژەکانی هەر مانگێک بۆ ساڵی کوردی بە گەورە و هی ڕۆژەکانی مانگی ساڵە عیساییەکە بە بچووک لای سەرەوە نووسراوە.

٥- لە لاپەڕە (١١تا١٤) خشتەیەکی سێ ستوونی خراوەتەڕوو کە ڕێبەرییەکە بۆ دەرهێنانی خشتەی دوازدە مانگەی هەر ساڵێک و دەستنیشانکردنی هەر مێژوو و ڕێکەوتێک کە بمانەوێت، خشتەکە لە ساڵی (١٧٥٠)وە دەست پێ دەکات و بە ساڵی (٢٦٤٩) کۆتایی دێت کە ئەمە ساڵە عیساییەکەیە و بۆ ساڵی کوردیش وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ژمارە (٧٠٠) دەخەینە سەر ساڵە عیساییەکە، لە ستوونی دووەمدا چواردە ژمارە هەن و لە ستوونی سێیەمدا چواردە پیتی لاتینی کە ژمارەکان خشتەی دوازدە مانگەی ساڵی عیسایی و پیتەکان

خشتەی دوازدە مانگەی ساڵی کوردی دەخەنەڕوو، واتە دەتوانرێت لە ڕێگەی هەریەک لەو پیت و ژمارانەوە ژمارەی لاپەڕەی ئەو خشتەیە بدۆزینەوە کە دەمانەوێت، ئەمەش بۆ کارئاسانی و تێک نەچوونی و دوورکەوتنەوە لە هەڵە.

٦- لە لاپەڕە (٤٩)ی هەمان کتێبدا خشتەیەک خراوەتە ڕوو بۆ خستنەڕووی ڕۆژ و مانگەکانی ساڵی کوردی بەرانبەر عیسایی و دەستپێک و کۆتایی هەر یەکەیان، ئەمەش کاری سوود وەرگرتن لەم سەرچاوەیە ئاسان دەکات بۆ دانانی ساڵنامەی بەردەست و وا دەکات ساڵنامەکە لە هەڵەوە دووربێت، چونکە وەک خۆی لە کتێبی ساڵنامەی کوردی لاپەڕە (٢٩)دا باسی دەکات (لەبەر ئەوەی ساڵی کوردی لە (٣/٢١)ی ساڵی زایینی دەست پێ ئەکات و لە (٣/٢٠)دا تەواو ئەبێ و ساڵی زایینی لە (١١ی بەفرانبار)ی ساڵی کوردی دەست پێ ئەکات و لە (١٠ی بەفرانبار)دا تەواو ئەبێ. ئەمە وا ئەکا ساڵی کوردی و زایینی هەریەکە (٧٩ - ٨٠) ڕۆژ بە گوێرەی ئەویتر بکشێتە پاش یان پێش و هەر ساڵێکی زایینی دووی کوردی بچێتێ و هەر ساڵێکی کوردی دووی زایینی بچێتێ)«٨»

٧- خشتەی دەسپێکی هەموو ساڵەکان چ کوردی و چ عیسایی لە لاپەڕە (٥٢) دا خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی کاری دەرکردنی خشتەی ساڵنامەی کوردی بەهۆی عیسایی، یان بە هۆی کوردییەوە ئاسان بکرێت، ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەگەر ویستمان خشتەی ساڵێکی کوردی، یان عیسایی دەربکەین، پێویستە سەرەتا بزانین ساڵەکە بە چ ڕۆژێک دەست پێ دەکات.

٨- دانانی چوار یاسا بۆ گۆڕینی ساڵی کوردی بۆ عیسایی و بە پێچەوانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ساڵی کوردی بۆ عیسایی:

( کوردی = زایینی (دوای ٣/٢٠)+٧٠٠... یاسا ژ ١.

کوردی = زایینی (پێش ٣/٢١) + ٦٩٩... یاسا ژ ٢.)«٩»

- ساڵی عیسایی بۆ کوردی:

(زایینی = کوردی (پێش ١١ی بەفرانبار) - ٧٠٠... یاسا ژ ٣.

زایینی = کوردی (دوای ١٠ی بەفرانبار) - ٦٩٩... یاسا ژ ٤.)«١٠»

٩- دەستنیشانکردنی ڕۆژ و مانگ و وەرزەکان و ساڵ لە ساڵنامەی کوردیدا بەم شێوەیە: (ساڵی هەتاوی (٣٦٥) ڕۆژ و (٥) سەعات و (٤٨) دەقیقە و (٤٦) سانییەیە کە ئەکاتە (٣٦٥) ڕۆژ و نزیکەی چارێکە ڕۆژێ.

بەهار (٩٣) ڕۆژە، ئەبێ بکرێ بە (٣) مانگی (٣١) ڕۆی.

هاوین (٩٢) ڕۆژە، ئەبێ بکرێ بە (٢) مانگی (٣١) ڕۆژی و (١) مانگی (٣٠) ڕۆژی.

پاییز (٩١) ڕۆژە، ئەبێ بکرێ بە (٢) مانگی (٣٠) ڕۆژی و (١) مانگی (٣١) ڕۆژی.

زستان (٨٩) ڕۆژ و نزیکەی چارێکە ڕۆژێکە ئەبێ بکرێ بە (٢) مانگی (٣٠) ڕۆژی و (١) مانگی (٢٩) ڕۆژی، هەر چوارساڵ چارێکە ڕۆژەکە کۆ ئەبێتەوە و ئەبێتە یەک ڕۆژ، بۆیە هەر چوار ساڵ جارێک زستان ئەبێ بکرێ بە (٣) مانگی (٣٠) ڕۆژی.)«١١»

ئەم وردەکارییەش لە خشتەیەکدا لەهەمان لاپەڕەدا خراوەتەڕوو.

١٠- دەسپێکی هەموو مانگەکان لە خشتەیەکدا بە پێی ڕۆژەکانی هەفتە لە لاپەڕە (٥٠) دا خراوەتەڕوو.

ئەمە و جگە لە دەیان خاڵی گرنگ و ڕووناکی تر لەم ساڵنامەیەدا خراونەتەڕوو کە بەم خوێندنەوە خێرا و ماوە کورتە ناتوانین پەییان پێ ببەین، بەڵکو پێویستە لە ڕێی توێژینەوەی وردی زانستی و لە ئاستی باڵادا بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و بخرێنەڕوو.

بە پێویستی دەزانم نموونەیەک بۆ بەرچاو ڕوونی بخەمەڕوو:

من کە لەدایکبووی (١٩٨٧/٦/١٣)م دەمەوێت بزانم ساڵی لەدایکبوونم بە پێی یاسا چ بۆ ساڵی عیسایی و چ بۆ کوردی کەبیسەیە یان نە؟

پاشان ساڵی لەدایکبوونم بگۆڕم بۆ کوردی و دواتر بە هەردوو شێوازەکە ڕێکەوتی لە دایکبوونم بەتەواوی بزانم.

١٩٨٧÷٤ = ٤٩٦,٧٥ کەبیسە نییە، چونکە ماوەی هەیە بۆ عیسایی.

١٩٨٧+١÷٤ = ٤٩٧ کەبیسەیە، چونکە ماوەی نییە بۆ کوردی.

دێینە سەر گۆڕینی ساڵەکە لە عسایییەوە بۆ کوردی:

وەک دەبینین (٦/١٣) دەکەوێتە دوای (٣/٢٠) کەواتە بە پێی یاسای ژمارە (١) (٧٠٠) دەخەینە سەر ساڵە عیسایییەکە بەم شێوەیە:

١٩٨٧+ ٧٠٠ = ٢٦٨٧ کوردی.

دوای زانینی ئەمانە ئێستا بە پێی هەردوو ساڵەکە ڕێکەوتی لەدایکبوونەکە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەدۆزینەوە بەم شێوەیە:

ساڵی (١٩٨٧) دەکەوێتە دووەم لاپەڕەی خشتە سێ ستوونییەکە و ژمارە (٦) بۆ خشتەی مانگەکانی ساڵی عیسایی و پیتی (h) بۆ کوردی دەکەوێتە بەرانبەری.

بەپێی دابەشکردنی خشتەکان خشتەی ژمارە (٦) دەکەوێتە لاپەڕە (٢٢) و خشتەی ((h دەکەوێتە لاپەڕە (٤٠) بە پێی خشتەکان ڕێکەوتی لەدایکبوونی من دەکەوێتە ڕۆژی:

شەممە/١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ی عیسایی.

شەممە/٢٣ی جۆزەردانی ساڵی ٢٦٨٧ی کوردی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت پەنجە بۆ خاڵێک ڕابکێشم کە دکتۆر دەڵێت: (ئەم ساڵنامەیە لە مێژووی کورددا گرنگی خۆی ئەبێ، ئەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لێکبەستنمان و سیمایەکی گشتی بە ناسنامەی نەتەوەییمان ئەبەخشێ، بۆیە ئەبێ هەموو مێژوونووس و دام و دەزگا ڕەسمییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕەچاوی بکەن و لەسەری بڕۆن.

بۆ ئەوەی ئەم ساڵنامەیە ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێ بکات وا پێشنیار دەکەین کە لە زانکۆدا بخوێندرێ، بەتایبەتی لە بەشی مێژوو وەک بابەتێکی مێژوویی، لە بەشی جوگرافیا و فەلەک وەک بابەتیکی جوگرافی و فەلەکی، لە بەشی بیرکاریدا وەک بابەتێک بۆ مەنتیقی بیرکاری و گواستنەوە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستمێک.)«١٢»

دەبێت دان بە ڕاستییەکی تاڵدا بنێین کە بە داخەوە ئەم وتانەی بەڕێزیان نەک تەنیا پەیڕەو نەکراون و بە شێوەی خۆزگە و ئاوات ماونەتەوە و دیاریش نییە تاکەی وا دەمێننەوە، بەڵکو خراپتر ئەوەیە کە ئەم چەند کتێب و وتارەی بەڕێزیان نەکراونەتە سەرچاوەی سەرەکی ئەو هەموو ڕۆژژمێر و ساڵنامانەی کە لێرە و لەوێ دەردەچن و زۆر لە مەرجە زانستی و بیرکارییەکانیان تێدا بەدی ناکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەمینەیەکی کەمی خەڵک بە گشتی لە بوونی وەها ساڵنامەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و پڕ وردەکاری ئاگادارن، دیارە ئەمەش بە هۆی کەمی خەمخۆرە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکاندا.

**پەراوێزەکان:**

**١- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی کوردستان - دەزگای ساڵنامەی کوردی، چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢ز/ل٤.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل٤.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل٤.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٦.**

**٥- هەمان سەرچاوە، ل٦.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٩.**

**٧- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ز، ل٢٣٤.**

**٨- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی کوردستان - دەزگای ساڵنامەی کوردی، چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢ز، ل٢٩.**

**٩- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩ز، ل٥٥.**

**١٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٥.**

**١١- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی کوردستان - دەزگای ساڵنامەی کوردی، چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢ز، ل٢٨.**

**١٢- هەمان سەرچاوە، ل٢.**

**سەرچاوەکان:**

**١- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ز.**

**٢- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی کوردستان - دەزگای ساڵنامەی کوردی، چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ز.**

**٣- وریا عومەر ئەمین (پ.د)، ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ز.**